لە سەرەتای دەرژمەی مەداییمەوە.. مستەفا غەفوور

زۆر جار کە شیعرێك دەخوێنمەوە وەك ئاوەی فاتحای شیعرەکە بێ، خەمێك دامدەگرێ، هەست دەکەم خەمی لاوازی شیعرەکەیە. لە ئەزموونی دواتری شاعیردا دووبارە شیعرێکی تری هەمان شاعیر دەخوێنمەوە کە هەمان خەم دایگرتم هەست بە بێ ئومێدی دەکەم، لە چاوەڕوانی و قەناغێکی تری ئەزموونی شاعیردا، دەست بە شیعرێکی تری هەمان شاعیر دەبەم، بە دووبارە بوونەوەی فاتیحای شیعرەکە خەمی مردنی شیعرەکانی دامدەگرێت، شاعیریش لەلام دەمرێت، ئیتر نە سەراغی خۆی دەکەم و نە بە پەودانگی شیعرەکانییەوە دەچم.

رەنگە ئەمە پەوەرێك نەبێ بە هەڵسەنگاندنی شیعر، چونکە من شاعیر نیم، رەنگە خەمی شیعرەکە لاوازی شیعرەکە نەبێ تەنگەیشتن و ئاستی نزمی من بێ، بەڵام من ئاوا ماموستایانە لەگەڵ شیعردا دەکەم، چونکە منیش مرۆڤم وەك خودی شاعیر کە مرۆڤ خەم لە ژینگەی شیعرێکدا، لە هەستی شاعیرێکدا، لە ژانری ڕەمانێکدا لە بەسەرهاتی نۆڤەلێتێکدا نەدەزمەوە، شاعیر تەنیا بە خەیاڵی خۆیدا ڕەچووبێ، لە جیهانی واقعی دوورکەوتبێتەوە، چی لە شیعر و شاعیر بکەم.

کە دیوانە شیعری (هەڵانێك لە پشمەکی) سەلام عومەرم خوێندەوە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، لەبەر ئەوە کەوتمە متابەعە و خوێندنەوەی شیعرەکانی سەر پێیجەکی، بەدەسخەم نەبوو ناچار دەبووم بە ڕستەیەکیش بە تێبینی خەم دەربەم و زەرجار بە ناوی دەسخۆشییەوە ستایشی شیعرەکانی بکەم، ترسی ئەوەشم هەبوو ستایشەکەم لە جێگای خۆیدا نەبێت و سنووری ئاسایی تێبپەڕنم، چونکە من ئەوە نیم بە مەزندەکردنی ستایشی خەم ئەکەی بە شیعری شاعیرێك بکەم، ئایار و بایار وەك حەزێك تێزیك دەم لە زمان و زماننناسی وەردەدەم...، کەچی بینیم شیعر لە دوای شیعر جوانتر و بەهێزترە، ویستم هەکاری ئەوەش بگەڕێنمەوە بە ئەوەی گوزارشت لە حەز و خۆشەویستی، ژینگە، دەخ و هەستی ئەم تەمەنەی من دەکات یان لەگەڵیدا دەگونجێ.

بەڵام کاتێك دیوانە شیعری (دەرژمەی مەداییمەوە)ی بەاوکردەوە بەم دەرکەوت نەخڕ سەلام سنووری حەز و هەگری من و ئاستی کەمێ شیعری پشووی تێپەڕاندووە، ئەو نوستالیژیایەی لای تاکی کورد بە تایبەتی لە دەڤەری ژینگەی شاعیردا هاوبەشە تەنیا هەکاری ئیلهامی ئەو نییە، ئەو بیرو بۆچوون و مرۆڤدۆستییەشی هەکاری سەرکی و تەنیا ئیلهامبەخشی شیعری ئەو نین، خە (هەڵانێك لە پشمەك) نەك هەر

ڕەنگدانەوەیەکی نەستالیژی شاعیر نییە، بەڵکو فەزایەکی وەناکردنی ڕەمانسی حەز وخۆشەویستییە، کەواتە لای سەلام شیعر بووە بە خولیا و بەشکە لە ژیان و ئەدەبی نووسینی ئەو.
لە ژیاندا گەلێك دیاردە هەن نهێنی گەورەیان لەپشتە کە هەموو کەسێك ناتوانێ پەی بە نهێنییەکانیان ببا، وەنە و دیمەنی گەلێك جوان هەن بەڕام لە زەینی هەمووانداا ڕەنگدانەوەیان نییە، زەر رووداو بە کەسانێك ئاسایی و لای هەندێك جێگای سەرنج و تەامانن.
لە زمانناسیدا گەلێك وەنە هەن دەیان مانای میتافۆییان هەیە، بە هەر شێوە و ریتمێك تەنانەت بە هەر ئاواز و ئیقاعێك پەیامێك دەگەیەنن، بە نموونە، دەلەی ئاوە: واتە شل و شۆڕ، دەڕەی لە ئاوەدایە، واتە زەر ئارەقەی کردووە ماندووە یان نەخۆش، هەر ئاوە: واتە بە تامە، ئاوە و ئاوچووە واتە تەداچووە، لە ئاوە خوێن دە و لەمن ئاو؟ واتە ئاوە گرنگن و ئەمە هیچین، ئەمە و دەیان مانای تر. لەڕەدا توانای شاعیر لەوە دایە کام بژاردە لەو بژاردانە هەڵدەبژێرە، چەن بژاردەی پەویست و گونجاو دەدەزێتەوە (کە ئەمە بەشکە لە توانای شاعیر) چەن، کەی و لەکوە و بەچ ریتمێك وەنەکە دادەڕژی و چەن و پەیامی وەنەکە دەگوازێتەوە، مەبەستەکەی ئاستەی چ پنتەکی ژینگە و ژیانی مرۆڤ دەکات و بە چ شێوازێك لە وەنەیەکی میتافۆیدا ڕەنگ دەداتەوە.
دەڕەن تا ژینگەی شیعر نەڕەخسێ، تا خولیای ژانرەکە هەوەن نەگرێ شیعر لە دایك نابێت. جەبار جەمال غەریب لە بنووسە خوێندا دەڕە: کوەی کورد هەر ئەوندە کچێکی خۆشویست، هەرە گەمژەکەیان دەبێتە شاعیر. زەربەی شاعیران ئاوا دەسپێدەکەن، لەکەتاییدا هەندێکیان دەبن بە شاعیر و هەندێکیان کاروانی شیعر بە جێدەهێن و توانای خۆیان لە بواری تردا تاقی دەکەنەوەو هەندێکیان بە هەکاری جیاواز دەکوژێنەوە.
هەموان بە منداڵیدا تەپەریون، کەچی کەم شاعیر توانیوێتی وەك سەلام بەو قۆناغەدا ڕەبچێ، وەنەی ئاوا جوان لە سەربوردەی منداڵی خەی هەڵەنجێ، خەیاڵەکان بکات بە وەنەی نایاب و کاریگەری فیزیکی لە دەروونی خوێنەردا بەجێبهێڵێ. ئەم ڕەچوونەی شاعیر خەمێکی تر دەکەوێتە خانەی ژانەی ئافراندن و بەرهەمەی ئەدەبی. ئەوە ژانەی لەدایکبوونی شیعرێ، دەستاودەست بە کەرپەی شیعر دەکات، شاعیر بە حەسرەتەوە کەرپەکەی لەباوەش دەگرێ، ئەو ژانەیە خەمەی مانەوەی هەڵەدەگرێ و بە ئاواتەوەیە نەمر و تەمەن درێژ بێ. لەبەر ئەوە شیعرەکانی لەوانلەون لە وەنەی جوان، لە هەڵبژاردنی وەنەکانیشدا شارەزایە.
بە بەچوونی من شارەزایی شاعیر لە نواندنی وەنەیەکی شیعریدا، لە

دەماودەمکردن و گواستنەوەی وێنە شیعرییەکەدا دەردەکەوێ، بەمەرجێک لەو پرسیارەدا نە وێنەکە ریتمەکە و نە ریتمەکە وێنەکە بجەبهێنێ، واتە شێوازی داشتنەکە ئەوندە تەکەم بێت رێگە نەدات لێکدابڕان یان زیانیان بەر بکەوێ، هاوتەریبی و مانەوەی ئەم دوانەش پەیامەکە جێگر دەکات و بوار بە گەیشتنی ئاستەی پەیامەکە نادات. دەکرێ بڵێین ئەمە گەرەنتی پاراستنی و مانەوەی شیعرێ و بەدەم بەردەوامی و تەمەنی شیعریشەوە دەدات.
لەگەڵ ئەوەشدا شیعری دەرزەمە منداڵیمەوە لە (14) بەش پێکهاتووە کە هەر بەشێکیان چەند گرتەی وێنەی شیعری لەخۆدەگرێ، کە زەربەی وێنەکان و ئەکتەرەکانی ناو گرتەی وێنەکان بە خوێنەری دەرەوەی ناوچەی پشدەر و قەڵادزێ نائاشنان، بۆنام هەست دەکەم گەلێک لەم خەسڵەتانەی شیعریان تێدایە، بە نموونە لە بەشی (9)دا نووسیوێتی:
... خۆ بە کانیی ژناندا دەکەم
پڕ لە ژن
هێندێکیان لە نەو حەوزا رووتوقوتن
زێرینەشیان بی سەرپۆشن
دوو سێیەکیان لەسەر ئاودەست
سمتیان سپی سپی دەچنەوە
دەچریکێنن و خەرا خەیان دادەپۆشن
باجیێکیش کەمنی ناسی
چاوی گرتم و گوتی لەگەڵمن بچووکە برسییەتی...؟
ئەها ناودەست و باخەڵی
پڕ لە نانە چەلەکە و خەنووکە.
وێنەیەکی شیعری جوانە، ڕەنگە بە زەربەی منداڵانی لادێ دەڤەری پشدەر ڕوویدابێ، دەکرا ئەم گرتە شعرییە تا دەگاتە (منداڵیم لە بەربەوە) بە تەچووی کەمتەری زمانی دەربەدەرێ و باشتر دابەشڕژتەوە، بەڵام جوانی وێنەکە و گرینگی پەیامەکە کە دەکەوێتەی کۆتای وێنە شیعرییەکە زەر لەوە بەهەزترە کۆت و بەندی شیعر ڕێگەی لێبگرن، کە لە کۆتایدا دێی:
منداڵیم لەوە بەربەوە
سپیکردنەوەی خەنووکیشم
بە تۆیی نەو سپییەکانی کانیی ژنان لە بیرچەوە.
دەستەواژەی (سپییەکانی ناو کانیی ژنان) فرەمانایە و ڕاستەوخۆ ئاماژە بە شتێک ناکات، واتە ئاگرە مانایەکانی زەرن، بەڵام ئەوەی ناسنامە بەو دەستەواژەیە دەبەخشێ، بەهەزی گرتەی وێنەی شیعرەکەیە، بەیە خوێنەر یەکسەر تێدەگات لە و فرەمانایەدا مەبەست چ مانایەکە. واتە وێنەکە ریتمی شیعرەکەی شاردۆتەوە و زاڵە بەسەر

فەزای گۆیاندنی پەیامەکەدا، پەیامێك بە ئان و ساتی وەرچەرخان لە مندالییەوە بە مەرمندالی و بالغ بوون، بەجێهێشتنی قۆناغێك کە هەر دەم مرۆڤ ئارەزوو دەکات بۆی بگەڕێتەوە، قۆناغێکە پاك و بێگەرد خۆشترین قۆناغی تەمەن، کە بە چرکەساتێکی بینین یان تێهەڵنگوتن، وەك تیشك تێدەپەڕێ. وێنەیەکە بەرهەمی زینەکی ماندوونەناس، قاڵ لە خولیای ئافراندن و داهێنانی شیعردا.
لە هەندێك حاڵەتی تردا دەکرێ بەڵێم ئەوە تەنیا گواستنەوەی وێنەی جوان یان ناوازە نییە بۆها بە شیعر دەبەخشێ، چونکە دیمەنەکانی سەروشت بە هەموومان ئاشکران، وێنە ئەبستراکتەکانی ژیان و خۆشەویستی کەرستەی هاوبەشی بیر و هزری هەر تاکەکن، بەڵکو ئەوە نواندنی وێنەکانە بە کەرستەی زمانی نایاب، گۆیاندنی پەیامی وێنە شیعرییەکە بە گەمەی زمانی و ریتمی شایستە، بۆهای شیعر مەزندە دەکەن، وەك لە (یەکەم پێلاقەدا) نووسیوێتی:
یەکەم پێلاقەی هاویشتم
دەریایەك فرمێسکی پێشتم
دەبینین بە ڕواڵەت پەیوەندییەکی جەدڵی لە نێوان یەکەم پێلاقە و ئەو دەریا فرمێسکەدا نییە،…کە دەبوو بڵێ: دواتر (واتە دوای ئەو پێلاقەی رزگاربوون لە لە قۆناغی عەدەمەوە بە قۆناغی بوون و هەبوون) قۆناغی ژیانم، هەموو تەمەنم بوو بە فرمێسك رشتن. لێرەدا ریتمی شیعرەکە بە میلادییەکی جوان خوێنەر ئامادە دەکات بە تامەزرۆیی بۆرەو پیری کێپڵەی دواتردا بچێ، وەئامەکە ببیستێ و وێنەیەکی جوان و گەورە بە قەدەر نیشتمان لە باوەش بگرێ:
لەو کاتەوە جیهانی من وەکو دایکم
ناڵێ و چریکەی بۆرژانێ
لەو کاتەوە نیشتمانم
تەقینی سەراوەکان و خوێن رژانێ
وێنەکەش چەکردنەوە و نیشاندانی مژووی پر لە ناسەر و مەینەتی هەر تاکەکی کوردە لە چرکەساتی لە دایکبوونیەوە تا ئەم کاتەی ئێستا.
لە هەندێك شیعری تردا وێنەکە بەسەر ریتم و ئاواز و کیشی شیعرەکەدا زاڵە، نەك هەر ئەوە فرەرهەندە و ئێگەرە مانایەکانی زەرن، وەك لە (چیرێك بە زمانی شیعر) دا تێبینی دەکرێ:
منداڵێك دەناسم دایکی نەماوە
باوکی هەموو خۆشەویستی خێی دەداتێ
بۆشی ناکا
…
کە هەواڵی دایکی دەپرسێ
پشتی تێ دەکەن

تافرمەسکەکانی نەبینە
...
کە لە کتێبان دایکی دەبینە
دڵتەنگ ئەمیش هەمە
چونکە باوکم گوتی بۆت دەنمووسێ
دەشێ منداڵێکی بێ دایك بێ، دەشێ ڕەنجێکی نیشتمانی زووتکراو، ئاوارەیەکی هەندەران بێ و... زۆر جار بێ پێی سەلیقە لێکدانەوەی ئەو تۆ بێ دەقی شیعری دەکرێ، کە خودی نووسەر بەلایەوە سەیرە، یان هەر بەخەیاڵیشیدا نەهاتووە، ئەوسا بێ پێی هەر پەوارێك بێ، دەبێ لێکدەرەوەکە (بێ ئاگاری زۆر خوێنەر) ببێتە خاوەنی دەقەکە، چونکە ئەو غەنیمەتی جەنگی نەوان خوێنەر و نووسەرە. واتە لە خاوەندارییەتی نووسەر دەردەچێ، ئەمەش ئاگەر بێ بوارەکانی تری ئەدەب سەرکەوتن بێ، بێ شیعر سەرکەوتن نییە، بەڵکو دەڵاڵەتی ئەوەیە، لە بێ مانایی خوێنەر مانای بێ بەرداکردووە...، بەرگەکی جەنگ بییە، هەر کەسێك ئەندازەی بێ بەبەر خەیدا دەکا.
لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی ڕێزمانییەوە وردە هەڵەی تێدایە، بەڵام سەرەڕای فرمانایی، تەکنیکی گرتە وێنەکە بەسەر ریتم و داشتنی شیعرەکەدا زاڵە، بەهای شیعرەکەش لە مەزندەی خوێنەر دایە.
لە شیعری (دێ) دا:
دڵتەکی ناسکت هەیە
تا لەلام بێ هەرگیز نایەم بشکێ
چاوێ پێنیگاکانیشت تا هیمن بێ
نا نایەم لەوەی بتکێ دڵپێ ئەشکێ
...
تەش دڵتەکی سرکت لایێ
لەوانلەوێ لە نهێنی
تەنیا بێ تۆ کەوی دەبێ
ئاگەر سینگت یان دەستی پێدابهێنی
لە هەردوو کێپلێ کەدا وێنەکان ئەوێندێ جوانن، پەیامێ خەشوویستییەکێ ئەوێندێ قووڵە، زاڵە بەسەر فەزای شیعرەکەدا و کەم و کاسییەکانی شاردۆتەوە. لە وێنەی یەکەمدا هەستی بێ بژاردەی تری دڵتەکی دووەم نەکردووە، چونکە ژانی هەرە گەورەی شاعیر و وەرگێڕ لە بژاردەی لاستێ و دەستواژێ و رستێ دایە:
چاوێ پێ نیگاکانیشت تا هیمن بن
نا ناهەم دڵپەك ئەشکیان لەوێ بتکێ
یان چاوی پێ نیگاشت تا هیمن بێ
نایەم دڵپەك ئەشکی لەوێ بتکی.

لە کۆپلەی دووەمدا لە چەند بژاردەی (تەش دەکی سرکت لایە / تەش ئەو دەە سرکەی لاتە/ دەکی سرکیش لاتە/ تەش دەکی سەت لە دەسدایە) بژاردەیەکی بەهەزی هەبژاردووە بە ئاگاری زەر هەموو بژاردەکانی تاقیکردەتەوە، بە پێچەوانەی کۆپلەی یەکەم، هیچ دەرفەتێکی نەهێشتەتەوە کۆپلەی دووەم گەانی بەسەر دابێت، واپێچراوتەوە لە خوێندنەوە، دەماودەمکردن و گواستنەوەدا هیچ لایەنێکی خەی لەدەست نادات، کارەکی وایکردووە جوانی وێنەکە بە هەر هاواکی نارووندا بتوانە تەبپەەی و پەیامەکەش وەك خەی بگەیەنە.
پەند و ئیدیەمەکانیش ئاوان، ئەو پەند و ئیدیەمانەی هەزی شیعریان تەدایە کاریگەرترن و وەردی سەر زمانن، زووتر لە زەیندا جێگیر دەبن و خەراتر پەیامەکیان دەگەیەنن، ئامرازەکی بە هەزیشن بە مانەوە و دەستاودەست کردن، لە زەینەکەوە بە زەینەکی تر، لە نەوێکەوە بە نەوێکی تر لە سەردەمێکەوە بە سەردەمێکی تر، جگەلەوە ئەو شیعرانەی مەعریفی و هەگری پەیامی مرۆیین، لە پاشکەوتی زەینیدا هەدەگیرێن و لە ئاخاوتندا دەبن بە بەگانەویست و خاوەن بەهای جێگیر، دەیان و بگرە سەدان ساە دەماودەم، نەوە بە نەوە دەگوازرێنەوە و گەانیان بەسەردا نایات، وەك:

کە کارت کەوتە لەژی / کەس راستت پە ناژی
بەەی هەژار / چ گورگ چ سوار
ئەو کەسە کەسە / ئەلفەکی بەسە
زستانان پینە و پەە / هاوینان ورد ورد بە
. ...

گەلەك لە شیعرکانی دەرژیمە منداڵیمەوە لەو ئاستەدان، بە خوێندنەوەی جارك دووجاری هەر شیعرك (کە خوێنەر لە خوێندنەویان وەرز نابە) لەبەردەکرێن و دەبن بە نموونەی شیعری ناسك، ئەمش مانای ئەوەیە زیندووون، گیانلەبەرن لە کۆ پەویست بە ئامادەن، بەردەستن و دەکەونە بەرخزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی، بەیە دەکرە لە بەرنامەکانی خوێندن و زمان لە ئەدەبی کوردیدا جیگیر بکرێن، وەك:

- دایکم فانسکی هەبوو کارەبا کوشتی
- خەزگە کرەنام گرتبا بەەام بەهار گەەکی بەنخەشی بە لای پایز نەبردبا

خەزگە دەەم بەردەبوە بەەام باەندەیکی وەە بە لای قەفەز نەدەچوە

- تەواوی تەمەنی خەم خستە باوەشی ئازادی
  پیاسەیەکم پەیدا کرد
  هەر جاشم دی خەمم نەدی
- دەم وەک هەڵەی بەرزفڕە تەنیا لوتکەکان دەناسێ
  لەهەر شوێنی سەنگەر هەبێ خەی بەوەدا هەڵدەواسێ
- لە ژێر میچێکدا ناووم ...
- ئاخر دەم زەر نەرم بوو جەنگ رەقی کرد
  هەستم ناسك بەڵام دوژمن شەق شەقی کرد
- گریانێك چاوی پڕکردووم کەس نایا ژێرم کاتەوە
  . ...

گەلێك لەو دیوانە شیعرانەی روو لە کتێبخانەی کوردی دەکەن، فانتازیا و گوزارشتن لە جوانی و خۆشەویستی ئافرەت، بە جێ نییە ئاگەر بەم شیعر بووە بە پاشکەی خۆشی و خۆشگوزەرانی، پتر بە پلە و پایە بە ناو ناوبانگ، بە خێ دەرخستن دەنووسرێن. ئەمەش بەهۆگەی ئەوەیە دوای قۆناغێکی کەوتوون وەك ئەوەی یاخیبوون، دادپەروەری، ململانێ لە پێناوی باشتردا، لە شیعردا سەری خەی هەڵگرتبێ، بەڵام سەلام هەر بە گیانی تێکۆشان و رووبەڕووبوونەوە، لە قاوغی ئەو بە ئینتمایێ دێتەدەرێ و بۆرانێ پەیامی خەی دەگەیەنێ و لە شیعری (بیرەوەری)دا دەڵێ: ...

خێ ئەو جاشش لەبەر چاومێ
کێ ئەستا پەی دەڵێن دەرین
وەك ئەو پەشمەرگێ کانانەی
خەریکی چنینەوەی پیرین
...
بیرەوەریم وەك زنجیرێ
شەوانێ خەوم دەپسێنێ
وەك ئەو چەڵێ ئازادییەی
کەنیەك دێ و لەم دەستێنێ

ئەم هەست و هەڵویستە شەڵشگەڵانیە لە شیعرەکانی (لەوانیە، نیشتمان، هەستانەوە، دیاری، دلم، هەموان گوندین، ئازادی، نامەیی و... دیان شیعری تر) دا بەدی دەکرێ.

لەم رووە دەکرێ بڵێم لە ئاستەی ئەدەبی ئەمڕدا، شیعر لە ئەرکەکانی دامالراوە، بە تامی وتار و بەریتمی شیعر، بە هەماگرایی سەریالیستی چێ دەکرێن، پابەندبوون بقیە، بیروباوەڕ

تەنانەت مرۆڤدۆستیش ناڕاستەوخۆ قەدەغەیە. تەمەنیان هەندەی کاتماوەی خوەندنەوەیان کورتە، ناتوانن هیچ شتێك بگوازنەوە، نەك بە چەند ساڵێك یان چەند وەچەیەك تەنانەت لە دەمەکەوە بە دەمەکی تریش، هەر کە خوێنرانەوە دەمرن و بە دەگمەن جارێکی تر دەکەونە سەر زاری کەسێکی تر، تەنانەت شاعیرەکەش.
لە کاتێکدا ئەوە شیعرە، تەمەن، ساخڵەمی، بەهای بیرکە، زانیاری، وێنە و دیاردەکان بە کورتی ئەو پەیامەی دەیگوازنەوە دەپارێزە. ئەوە خزمەتێکە لەدەست رەمانیش نایات.
ئەو شیعرانەی بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی شیعر وێنەیەك دەخوەقێنن، تەنیا وێنەکە دەگوازنەوە، دوای ماوەیەك رێتم و گۆڵێك لە خەسڵەتە شیعرییەکانی خۆیان لەدەست دەدەن، ئۆگەر هەڵگری وێنەیەك بێ، پاشماوەکەی تەنیا وێنەیەکی ئاوڕووتکراو دەبێ، کە دوور نییە ئەویش ئەوندە کاڵ و کرچ بێ نەتوانێ پەیامەکە بە رووی بگوازێتەوە، یان لە دەستاو دەستکردندا کاڵ ببێتەوە.
ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەوە تەنیا شاعیر نییە گۆرانی و گازندەی دەکەوێتە سەر، خوێنەری بێ ئاگاشمان زۆرە کە بە زەحمەت لە نووسینی ئاسایی تەدگات چ بگا بە شیعر، کەچی بە ڕەخنە و لێکدانەوەی بە جێ دەکەوێتە گیانی شیعر و شاعیر.
دنیام گۆڵێك لە شیعرەکانی سەلام عومەر وەردەگێردرێن بە زمانەکانی تر، واتە سنووری ئەدەبی نەتەوەیی و زمانی کوردی دەبەزێنن. هەدەگرن وەك ڕەمانەکانی جەبار جەمال غەریب، شیرزاد حەسەن، کاروان کاکەسوور، ببن بە پەیکی ناساندنی ئەدەی کوردی، سەرتا بە نەتەوەکانی دەروبەر و دواتر بە ئەدەبی جیهانی. هەکاری گرنگی ئەمەش بەهاداری شیعرەکانییەتی کە بە پێی پرنسیپەکانی شیعر بونیادنراون و هەموو لایەنە ڕەسەنەکانی شیعر و بونیادەکانی بەهای شیعری ڕەسەنیان تەدایە، بە ئەوەی ئاماژ بکرێن، بە ئەوەی لە گۆڵی ڕەمز و هەماگەرایی سەریالیستیدا بقووم بکرێن، بە ئەوەی ئۆگەرە مانییەکان ئەوەندە زەربەن لە بەهای شیعرەکان کەم بکەنەوە، بە ئەوەی لە پشتیری میتافەدا قایم بکرێن و خوێنەر بە مەبەستی وەرگەان نەتوانێ مەبەستی سەرەکی شیعرەکە بدۆزێتەوە تا ئەو پەیامەی مەبەستە بیگەیەنێ.
ئەوە دەقە بە خوێنەر دەڵێ چەند ئۆگەری لێکدانەوەی هەیە و پەیستە خوێنەر بیانەدۆزێتەوە، نەك خوێنەر لە خەیاوە ئۆگەرەکانی لێکدانەوەی دەق دیاری بکات و بە پێی بڕوونی خۆی مانای بە دابتاشێ. کاتێك شیعر هیچم نادات، چی لە هەنجم، جامێك هیچی تەدا بەدی نەکەم چی لەهەگرم (گوایە کەسانێك هەن دەتوانن لە هیچ هیچ بەرهەمبێنن). کاتێك شیعر مانای لێکنادرێتەوە یا مانای نییە

چەن وەردەگەڕێ، قورسی وەرگێڕانی شیعر هەر لەوە دا نییە ماناکە دیار نییە بەڵکو لەوەدایە کە وەرگێڕ دەبێ مامۆستا لەگەڵ لە چوار زمان و رەهەندەکانی تری شعر بکات، زمانی سەرەکی و زمانی مەبەست، مانا و رەنگدانەوەی مانایی شیعرەکە (واتە مانای میتافۆری)، وەرگێڕانی مانا بۆ مانای مەبەست، بەو مەرجەی لە چوارچێوەی فەرهەنگی زمانی مەبەست تێنەپەڕێ. سەرەڕای ئەم لایەنانەی کە مانا و پەیامی شیعرەکە دیار نەبێ، وەرگێڕ چەن تێبگاو دواتر چەن وەریبگێڕێ بۆ سەر زمانی تر. کەواتە تەکنیکەکانی ئەو شیعرانەی بەو شێوازی سەروو دەنووسرێن وەرناگێردرێن، ئەگەر وەریشبگێردرێن هەمان تام و بۆی بۆ خوێنەری بیانی دەبێ، کە پتر لەوەی ببێتە پەیکێکی پەیوەندی دەبێتە فاکتەری لێکدابڕان، وەک چەن خوێنەری خەمانی لێی بێزار دەبێ خوێنەری بیانیش پێشوازی لێناکات. واتە ئەم شێوازە لەسەر راوکێیەک کە دەکەوێت هیچی لە بەرهەم نایات، دواتر خێشی تووشی قەتیسمان دەبێت.
کش مەلیک، یەکێکە لەو شیعرانەی سەرەڕای زمانە سادەکەی، گرتە وێنەیەکی شیعرییە چەند ئەگەری مانایی هەی، بەڵام مانای سەرەکی دیارە، وەرگێڕ دەتوانی هەم فەرمی شیعرەکە و هەم وێنەکە بگوازێتەوە، هاوکات هەمان مانای میتافۆری زمانی شیعرەکە بۆ زمانی مەبەست بخوەقێنێ، کە بۆ دنیایەوە لە پاڵ پاراستنی بەهای شیعرەکە، هەمان تام و چێژی خوێنەری شیعرە کوردییەکە بۆ خوێنەری زمانە وەرگێڕاوەکە دەبەخشێ:

- کش مەلیک
وەک شتومەکی کەن
لە مزاتخانەکان دەفرۆشرێین
هەر وەکو داشی دامە لە ئەینەکدا
ئاغاکان دەمانخەن
ئەم نیشتیمانە زەر لە شەترەنج دەچێ
کش مەلیک هەمیشە دووبارەیە
… . ئەمە و دەیان شیعری جوانتر و ناسکتر لەم کۆشیعرەدا بەدی دەکرێ.
هەستی ناسکی شاعیر ئاوێنەیەکە دەبێ رەنگدانەوەی تاقە موویەکی تەدا بەدی بکرێ، نەک دونیا خرابێ و ئەو هەستی نەجووڵێ. سەلام ئەم هەستەی خۆی لە (دەرزەمە منداڵیمەوە) دا بەرجەستە کردووە زەربەی لایەنکانی ژینگەی ئەمەی کوردستانی باشووری بەسەر کردەتەوە، ناسکتر، جوانتر، پوختتر و

کەمتەچووتر لە کەمەکە شیعری هەلانەیەك لە پشمەك.

خەقکردنی مەژوو لە دەقی میتەلۆژی ئەدیسا و ئینیادە.. بەشی دووەم.. یونس تانج

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..

YunisTanj_2Download

پشوویەک لە ژوانی کتێبفرۆش.. سەردار ەەزا جاف

پێشەکی..

ەەمانی " کتێبفرۆش " یەکێکە لەو ەەمانانەی سەرنجی ڕاکێشاین و دوور و نزیک خودی نووسەر نەبینین بە بارتەقای ئەوەی خودی دەق دەبینین، قسەکردنیشمان لە پێناو بڕوادانە بە کاری ئەدەبی خودی تاک پاشان گشتگیر، لە سەرەتاوە دەستخۆشانە لە نووسەر دەکەین کە بە لە خەبردوویەکی بۆ بەانەوە دەستی داوەتە کارێک کە لە مەژووی ئەمەی کورددا زەرجاران ەووی داوە، نەمازە بەەەز سابیر ەەشید یەکێکە لە نووسەرە دیار و بەچاوکانی شاری هەولێر، شارەزایی و سەردەرکردوویی باشی هەیە لە نووسینی ەەماندا .. ەەمان کارەکی وا سانا نییە هەر کەسێک دوو تەقەی لە گۆڕە شیعردا هەبوو ئیدی سەروگوڵاکی دابگرتەوە، لەردا " کتێبفرۆش "مان هەناوەتە بەر نووکی تیژی نەشتەر… ەەمان سەرباری ئەوەی کەمەک بنەمای زانستی و جێگیری ڕەماننووسین هەیە، گەرەکە ڕەماننووس حەوسەیەکی باشی هەبێت و هەناسەی دوورودرێژ بێت، کەمن ئەوانەی بتوانن ئەسپی خەیان

لەم سارا پان و بڕینە تاو بدەن و بروسک ئاسا تێدا سەرکەوتوو بن، دەمێک بوو خولیام دنیای دەدام کە ناکرێ لەبارەی ڕەمانی ((کتێبفرۆش)) ی نووسەری دیار و بەرچاو " سابیر هێشید " بدەنگی بنوێنین ئەو هەمانەی باس و خواسی زۆری لە سەرە و لێرەو لەوێش لە خودی نووسەرانەوە بایەک بڕ گومان کەوتبوو، کاتی خۆشیی کە کتێبەکەی وەدام، پێم گوت هەنگێ لە بارەی ڕەمانەکەوە بینە دواندن، گەلێکی پێ باش بوو، هەبێتە دواکەوتنی نووسینمان پێویستە بە سەرقاڵی و نەخۆشکەوتنەوە، تاوناتاوە ڕەی نەخۆشخانە تەنگمان پێ هەدەچنێ و ئەمەیش راستەوخۆ کاری لە ژیانی ڕۆژانەمان کردووە.

خوێندنەوەی هەر دەقێک زۆر جیاوازە لای خوێنەری ئاسایی و خوێنەری دەستبژێر، ئەگەر وەک یەک خوێندنەوەیان هەبێت ئەوا بە هیچ جۆرێ ئەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆ لە ئەدەب و کایەکانی دیکەی ژیاندا بوونی خۆیان سەلماندووە هوویان نەدەدا، دەشێ زۆریش لە جێی خۆی بێت کە خوێنەری ئاسایی بە شان و باڵی هەر دەقێکدا هەڵ بدات، واتا پیاهەڵدان پیشەی هەڵخەڵگر و خوێنەری ورد نییە، هاوکات ناکرێ بە کەنە قینەوە لە تەک دەق مامەڵە بکرێت، یان لە ئیرەیی بردنەوە، کە خەڵکانێکی زۆر ستایشی فەرمانی دەق دەکات دەبێ بچم وا و وای لێ بکەم، بە داخەوە لای ئەمەی کورد زۆر کەم ڕێک دەکەوی خوێندنەوە بە دەقێک بکرێ خودی دەقەکە ببینرێت، یان خزم خزمەنێ و خاترۆخاتر بووە یانیش من بێت بووم و تەیش بەم ببێ بووە، حاڵەتێکی دیش ئەوەیە کە باسمان کرد، کەنە قین و ئیرەیی بردن. لە نووسینە هەڵخەڵیەکانمان هەرگیز هەندە ساویلکە نەبوین هوومان لە کاری وا کرد بێت، چونکە ئەدەب و زمانی کوردیمان لە خۆ زۆتر خۆشویستووە. هەر کە لە بڕایەوە ئاماژەمان بەوە داوە کە ناکرێ بەدەنگی لە مەر ئەم هەمانە " کتێبفرۆش " بنوێنین مەبەست ئەوە نییە لە سەر چەقی لایەنی نەرێنی حەماتاڵی بانە ئاسا سەرهەڵیەکەی لە بگرین...

هەچوون...

کاتێک هەماننووس دەست دەداتە قەڵەم و هەمانێک دەنووسە هەر لە بڕایەوە تەواوی سەرهات و هوودارەکانی نەو هەمانەکە تا دەگاتە دوا دوای هەمانەکە هەر هەموو لە هزر و بیریدا ئامادەکراو و سازە جا پێویستی بە نووسین و شان و کەوی و ڕێکخستنە، ناکرێ هەماننووس لە دیدی هەڵخەڵگرەوە هەمانەکەی دابەزێت داخوا لە کوێ دەکرێ هاست بکرێتەوە یان باز بە سەریدا بدا، نەبا هەڵخەڵگر بەو دیدە یان ئەوی دی دیقەتی لە بدات، سەرنجەکانی دەبان ئاسا بڕ نەشتەر نەکەون، نەخێر هەماننووس بڕ لە هەموو ئەو کارانە گرێکە خاوەن پاشخانێکی ئەبستمەلۆژی بێت لە بڕایی و کرێک و دوماهی ئەو ژانرە قاڵبوو

بەت، هەبەتە لە قاپێکی تەسکی یەک باس وخواس کەی دەکاتەوە دەرچوونیش لەو چوارچێوەیە دەرچوونە لە خودی بنەما سەرەکییەکانی داشتن و نووسینی ڕەمان، سەبارەت بە ڕەخنەگریش لەو پاژەوەی دەستی پێکردووە بنەما سەرەکییەکانی ڕەمان یان هەر دەقێک لە بەرچاو بگرێ نەبا بکەوێتە هەڵەیەکی زەقەوە، ڕەماننووسین تەنها کەکردنەوەی ڕووداوگەلێکی پەیوەست پێکەوە نییە بە زمانێکی سادە بخرێتە ڕوو، بە بارتەقای ئەوەی کە داهێنانێکی ئەدەبی ناوازەیە بە جۆرێکی هونەری داڕێژراوەتەوە و خوێنەر موبتەلای دەر دوای دەری ڕووداوەکان دەکات، زەر نووسەر لە ڕەی ڕەمانەوە داهێنەرن و ناوونابانگیان دونیای تەنیووە...

زمان ستوندگی تاوەی ئەدەبە بە هەموو بەشەکانییەوە نەمازە ڕەمان، پەمانوایە هەر کەسێک لە هەر کات و سەردەمێکدا خوێندنەوە بە ڕەمان بکات گرێکە بە جۆرە لە جۆرەکان لەمە زمانی ڕەمانەکە بدوە، زمان ئایدیای نەوان نووسەر و خوێنەرە، ئیدی پەیستە نووسەر بزانێت بە چ زمانێک لە گەڵ خوێنەر دەدوە، ئەگەر ڕەوا بێت کە ڕەمان و شانە زەر لە یەک نزیکن بن نێک دراوسێن بگرە لە یەک خانوو پێکەوەنشین بن، ئەوا ئەم حاڵەتە ئەوەمان بە هەزردا دێنێت کە ڕەمانیش بە کەسانی ئاسایی دەنووسرێت و وەک شیعر بە دەستبژێر نییە، بەڵێ ناکرێ لە ڕووی زمانەوە هەندە قووە بکرێتەوە کە خوێنەر عەوداڵی فەرهەنگ بێت و دوای خوێندنەوەی هەر چەند دەرێک بگەڕێتەوە بە واتای وشەکان، ئەمەیش زنجیرەی چەمکیی لای خوێنەر دەپسێنێت، تاکە کایەی ئەدەب کە زمان دەوەمەند بکات لە ڕەماندا دەبینینەوە، چونکە ئاخاوتنەکانی کارەکتەرەکان بەردەوام بە زمانی ئەو دەقەرە دەبەت کە ڕووداوەکانی ڕەمانەکەی تێدا بەرجەستەیە، نەک گێڕانەوەی خودی نووسەر، ئەم حاڵەتە لەرەولەوەی " کتێبفرۆش " دەبینین، ئەمەیش ئەو واتا ناگەیەنێت کە بە زمانێکی جوان داڕێژرا بێت، نەخێر هەرگیز وا نییە، سابیر ڕەشید خاوەن زمانێکی جوانی ئەدەبییە و خودی ئەم ڕەمانەیشی بەو زمانە جوانەی نووسینی خەی ڕەنگڕێژ کردووە، لە هەندە شوێن زمانی دەقەرەکەی لە نووسینەوەی گێڕانەوە بەکار هێناوە، ئەمەیش وا لە خوێنەری ئاسایی دەکات ناوبەناو بگەڕێتەوە بە فەرهەنگ، وەک گوتمان شانە درامایە درامایش بە تاکە هاوکات لە گەڵ ڕەمانیش لە یەک ڕەچەکن.

کتێبفرۆش " ١ "

خاسەتی ڕەمان وایە گرێکە ڕەماننووس لە سەرەتادا تەواوی تواناکانی خەی بە پەلکەشکردنی خوێنەر بە دەر بە دوای دەری ڕەمانەکەی بخاتگەڵ و ئیدی خوێنەر لە خواردن و خواردنەوە بکات و

هەموو مەیل و ئارەزووەکانی تەواوکردنی رووداو گەلێک بەت کە چێشنی خۆشترین خۆراک هزری قەرخ کردووە و دەیووەت لەی تەر بەت، لە سەرەتای ئەم رەمانە خوێنەر ئەو مەیل و ئارەزووەی نییە، ئەویش هەنگە هەکار گەلی خەی هەبەت .....

بەر لەوەی غلەربینەوە بە بنەماکانی هەمان جەی خەیەتی بەژین کە هەمان بە خەی زنجیرە هەوداوەکی بە دوای یەکدان بە شەوازی پەخشان ئامەزی دەخرەتە بەر دیدی خوێنەر،جا ئەو هەوداوگەلە راستی بن یان لە ئەندێشەی خودی نووسەرەوە هەقوەابن، هەروەها دەبە خودی ئەو رووداو و چیرەکانەیش دوابەداوی یەکی کاتییەوە بن و پاش و پێش نەکرێن چونکە دەبەتە هەی پچڕانی بیری خوێنەر و زەمانی لا دەئاهەسکێنێ، رەمانی کتەبفرەش رەمانەکی ریالیستییە تەواوی رووداوەکانی راستین و نووسەر چەتە هەناوی مەژووی پاهەوانەکەوە و وردەکاری دەگەهەتەوە.((نووسەر لە هەمانە ڕیالیستییەکاندا باشترین خەسەت بە پاهەوانی هەمانەکەی دەستنیشان دەکات، تاوەکوو وا لە خوێنەر بکات بە خەسلەتەکانی کاریگەر بەت، بەم جەرە کەمەگا لە گەندەی دوور دەخاتەوە)) " ٢ " رەک ئەم حاهەتە لە کتەبفرەشدا دەبینین . ئامانجی هەمانی ڕیالیستی وەناکردنی ژیانی رەژانەی تاکی کەمە و ئەو رووداوانەی لە دەراندریدا هەوو دەدەن بە جەرەک بگەهەتەوە کە وا بکات هەندجار تراژیدی بن و دەمانەکی دی کەمیدی و دەمانەک کەمەایەتی و ئەو دابونەریتە دواکەوتووانەیش دەخزێنە خانەی ئەم جەرە هەمانەوە کە وەک خەی بگوازرێتەوە بە خوێنەر بە جەرەک دابەژرێت کە خوێنەر هەم سەرسام هەمیش پەلکەش بکات بە رووداوەکانی هەمانەکەی....

" کتەبفرەش " باس لە کەسەک دەکات بە ناوی ئومەد کتەب فرەش لە شاری هەولێر بژەوی ژیانی لە سەر ئەم کتەبفرەشتنەیە هاودەم خودی کتەبفرەشەکە شاعیریشە زەتر دەشی ئەم ئارەزووەی وای لەکرد بەت کتەبفرەشتن بکاتە پیشەی، بە هەی کتەبفرەشتن و سەردانیکردنی بە بەغدا، ئاشنای ئافرەتە دەبەت لە یەکە لە یانە شەوەکانی ئەو شارە و دواییش ژیانی هاوژینی پێکەوە دەنێن، پاشان یەک دوو برادەری بە پەیدا بووە و لەی نزیک بوون، کاریگەریان بە سەر یەکەوە هەبوو دواتر کەسەک کە ناوی چیادە خەی لە کتەبفرەشەکانی هەولێر دەکاتە عەباس سوەتانی ئەم کەسە خەی وەک کارەندەکی ئەمنی بە کتەبفرەسەکانی ئەو دەوروبەرە ناناسەنەت، بەکوو خەی وەک جگەر ئەفسەری سەربازی نیشان دەدا، ئەم چیادە سەرسام دەبە بە ئومەد هەر ئەمیش کاریگەری بە سەریەوە دەبە و هزری (چیاد_ عەباس سوەتانی) دەگەرە لە مرەقەکی بکوژەوە بە مرەقەکی هەست ناسک، نامەوە زەتر لە سەر هەمانەکە بدوەین چاکترە خوێنەر بە خەی بیخوێنەتەوە و پاشان

لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوە بڕاوەردکاری بکات...
ئەمە لە کتێبفرۆش دا بنەما سەرەکییەکانی توخمی هاوبەشی دەکەین، تەنها لەم خاڵانە و بەم جۆرە ((گۆرانیەوە، کات و شوێن ، کرۆک" حبکة " دەرئەنجام .

١ – گۆرانیەوە:
گۆرانیەوە ئەو شێوازەیە کە نووسەر پەنای بۆ دەبات و وا دەکات خوێنەر بە شێواز و جۆری نووسینەکانی سەرنجی خوێنەر بۆ هاندانکەی پڕلکێش بکات و رووداوەکان بە دوای یەکدا بۆ خوێنەر بخاتە ڕوو، گۆڕەوە کە زەرجار خودی نووسەر دەبێت تەواوی بنەماسەرەکییەکانی توخمی هاندان لە خۆی دەگرێت، کە لێرەدا کتێبفرۆس وا کراوە، کەواتە ڕووداوێک هەیە کە بوونی ڕووداو خۆی سەلماند ئەو کات گۆڕەوە بۆ ئەرکەکانی دیکەی ئەو ڕووداوە هەڵدەستێت، وەک لێرەدا سابیر هاشید دەستی پێکردووە کەواتە پێویستە بزانین نووسەر چۆن دەست پێ دەکات: ((نووسەر، کاتێک دەنووسێت، ئاستەوخۆ لە گەڵ ڕووداوە دیفاکتۆکە هەڵسوکەوت ناکات، بەڵکوو لە تەک ئەوەی کە لە هزریدا نەخشەی بۆ کێشاوە، یان بیری لێکردۆتەوە، لە وێنایەکدا کە تایبەتە بە دیفاکتۆکەوە))" ٣ " لێرەدا ئاگەر دیقەتێکی دەسپێکی ڕەمانکە بدەین و هوردبینەوە لەی کە دەڵێ: ((ئومێد ئەو هاژەی لە سەربان وەستا بوو، ئازارێکی بە ئامان خەریک بوو بە نەو سەرتاپای لەشیدا شێ دەبووەوە، پەی وا بوو ئیدی ژیان، ئەو بەهایەی نەماوە، تاوەکوو خەتی پێیەوە شێبکەیتەوە، ل ٥)) هەست دەکەین داشتنەکەی لە هزری خودی نووسەرەوە چەکەرەی کردووە، ئەم شێوازە تا کۆتایی هاندانکە وا دەڵێت، ئومێد هەر لە سەربان وەستاوە و بیر لە ڕووداوگەلی بەسەرهاتەکەی دەکاتەوە. ئەم سەرهاتەیش دەبێتە هاندانی کتێبفرۆش، ئیدی لە هەر بەشە و بیر لە سەرهاتەکەی خۆی دەکاتەوە، بە سەرهاتەکان ڕووداوی هاستەقینەن و دەست پەکەکە لە هزری نووسەرەوە خوێقاوە و بەرەو هاندانکەی هاماندکشێت، بەپێی ئەوە بێت کە خوێنەر چاوەنواڕ دەکا لەم بەشە نا ئەوی دی ئومێد خۆی دەخاتە خوارەوە و دەمرێت کەچی هەر لە هزری خوێنەرەوە هاماننووس شتێکی دیمان پێ دەڵێ، چونکە مردنی ئومێدی بە تەومژاوی بە خوێنەر جەهشتووە ئەمەیش ئەوەمان پێ دەڵێت کە لە هزری خوێنەرەوە دەستی بە سەرەتا و دەسپێکی نووسینی ڕووداوەکان کردووە و وەک ئەوە نییە کە لە ڕاستیدا ڕووی دا بێت و بە کردەنی ئومێد لە سەربان وەستابێت خۆی فڕێ بدات و بمرێت... لایەنێکی دیکەی ئەم گۆرانەویە ئەوەیە کە نووسەر لە زمانی خوێنەرەوە بەسەرهاتەکانی ئومێدمان بۆ دەگێڕێتەوە نەک لە زمانی ئومێدەوە کە ئەو لە سەربانە و بیر دەکاتەوە،

هەندجار نووسەر وا لە خوێنەر دەکات کە ئەمە بیرکردنەوەی ئومێد نییە بەڵکوو گۆڕانەوەی خودی نووسەرەکەیە کە لە راستیدا وا نییە و ئومێد بیر دەکاتەوە، بە جۆرێک وای داشتووە کە خوێنەری ئاسایی هەست بەم بازدانە نەکات، تەماشا چ دەڵێ : ((خاتوون خەڵکی موسڵ بوو، بەناوبانگ بەسەرهاتی ئاو شار نەبووون، کاتی خۆی لە بەردەشێوە هاتوونە موسڵ، کەسوکاری لە بەر دوژمنداری لە شوێنی خۆیان نەمان، لە گەڕەکی مەیدانی موسڵ، کە گەڕەکێکی هەژارنشین بوو خانوویەکی دوو ژووری کەن بە کرێ دەگرن تیایدا دەژین. ل ٢١)) لەبەردا ئەوە دەردەکەوێ کە ئەم قسانە لە چواچێوەی یاد و بیرهێنانەوەکەی ئومێد نییە، وەلێ ئەوە گۆڕانەوەی خودی نووسەرە کەچی لە لاپەڕە ٢٠ لەدەسپێکی پاژی نۆیی بەشی یەکەم بەم جۆرە نووسەر باس لە ڕووداوەکە دەکات،((ئومێد هەردوو دەستی خستە سەر چاوەکانی، بە ئەوەی ئامادەی خۆفەدان بێت، لەو دەمەدا وەک بروسکەی خەیاڵی بە ئەو شەوە گۆڕایەوە، کە یەکەمین جار سەردانی یانەی ئاسیاوی سووری کرد لە شەقامی سەعدوندا، ئەو دەمەی هاتەوە بیر، کە ئافرەتێک بووە ڕوانگەی چاوەکانی و بە جوانی و شۆخ و شەنگییەکەی سەرسام بوو، هەر لەو ڕوانینەدا تیری ئەڤینێک لە دڵی گیر بوو، بە گارسۆنەکە داوەتی سەر مێزی خۆی کرد، پەکەوە ڕانیشتن و خواردیانەوە، یەکدیان ناسی)) بەم جۆرە دەچێتە نێو یادەوەرییەکانی ئومێد خوێنەر لەبەردا پەی بەوە دەبات کە ئەم بە ناوی ئومێدەوە گۆڕانەوەکە لە لای خودی نووسەرە دەگەڕێتەوە، ئەوەی پشتریش لە لایەنی خودی نووسەرەوە وەک گۆڕانەوەی خۆی بەرجەستە دەبێت، هەبێتە ئەم جۆرەکە لە زیرەکی خودی نووسەر ئاقڵانە بازێک دەدات هیچ کەسێک پەی پێنەبات و جیایان ناکاتەوە، تەنها کەسانی وردبین درکی پێ دەکەن.
هەر لەم چوارچێوەدا بە زێتر ڕوونکردنەوە نووسەر هەندەکات خۆ دەخزێنێتە ناو ئومێد و بە ناوی ئەوەوە دەدوێ و قسە دەکات ئەو کات دەبێتە منی دووەم، کاتێکیش ڕووداوەیان ڕوونکردنەوەیەکی پێویست دەنێتەوە بە زیرەکانە دەبێتە منی یەکەم ((کاتێک ڕەماننووس دێت و نموونەیەک یان ڕوونکردنەوەیەک دەخاتە چواچێوەی دەقەکەیەوە، وەک خۆی دەڵێ، " خاتوون خەڵکی موسڵ بوو، بەناوبانگی خەڵکی موسڵ ئاو شار نەبووون، کاتی خۆی لە بەردەشێوە هاتوونە موسڵ ... ". ئەم نە قسەی یەکە لە کەسایەتییەکانە نە قسەی گێڕەوە" بە بیرهێنانەوەکانی ئومێد " بەڵکوو گۆڕانەوەی ڕەماننووس / نووسەرەکە خۆیەتی لە پشتی گێڕەوەیە، بە پێیەک هاتەگۆ کە چوارچێوەکە وای خواستووە)) (٤)، ئەم لەبەردا لە بری ئەو نمونەی کە لە سەرچاوەکەوە باسکراوە بە زیندوو راگرتنی

نووسینەکەمان نموونەی سەرچاوەکەمان گۆڕی بۆ نموونەی ئەمانەی کتێبفرۆش.
جارێکی دیکەیش لە گۆڤاندوە لەم رەمانەدا دەبینرێت ئەویش کاتێک ئومێد بەبیری خۆی دەهێنێتەوە کە ئەو کاتەی دەفتەری یاداشتەکانی " چیاد " ی دەخوێندەوە نەک لە زمانی خودی نووسەرەکەوەیە نەک لە زمانی ئومێدەوەیە، بەڵکوو خودی چیادە یاداشتەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، لێرەدا خوێنەر گەرەکە جیاوازی لە نێوان ئەم سێ گۆڤانەوەیە بکات، نووسەر کارێکی باشی کردووە و لەزانانە وای کردووە خوێنەر تووشی سەرلێشێوان نەبێت، لە لایەک بە هەی کاتەوە سەری لە خوێنەر شێواندووە، لێرەدا قەرەبووی بە کردەتەوە، دەنا ئەم هەموو تێکۆشان و پێکەنیینە لە کرێک " حبکة " ی رەمانەکەی کەم و لاواز دەکرد.
بەر لە دوماهی لایەنی گۆڤانەوە گەرەکمانە هێواستەیەک لە سەر ئەم لایەنە بکەین، گۆڤانەوە خۆی لە خۆیدا خاوەن توژینەوەی قووە و کنەکردنی زۆروەندە هەموو ئەو میتۆد و توژینەوە و دیراساتانەی لە بارەی گۆڤانەوە و گۆڕەر هەیە بە دەقی رەمانی، دەکارە بە هەر رەمانێک لایەنە ئەرشیفی و نەرشیفیەکەی بخرێتە ڕوو و بەراود بکرێ لە گەل دیدگای نووسەری دەقەکە، کاتێک سابیر ڕەشید باس لە ئومێد دەکات کە لە سەربانی مالی خوشکیەتی و بە نیازی خۆ هەڵدانە خوارەوەیە، لێرەدا بە گۆڤانەوەی خۆی دەست پێ دەکات، ئەو دەمانەیش کە دەڵێ ئومێد بیری لە فڕانە رەژ و کات و مانگ و ساڵ دەکردەوە ئەمیان هەر گۆڤانەوەی خەیاتی وەڵێ خزاوەتە گیانی ئومێدەوە و پەمان وایە هەموو ئەوانە گۆڤانەوەی ئومێد، ناوبناویش هەر لە چوارچێوەی بیرهێنانەوەکانی ئومێد دەردەچێت و ڕوونکردنەوە و کاری پێویستمان پێ دەڵێت کە رەمانەکە گەرەکیەتی، لە هەمان کات هەست ناکەین کە ئومێد قسە دەکات وەڵێ نووسەر هەر بە خەیاتی، کاتێکیش یاداشتەکانی چیاد دەخوێنێتەوە دەچێتە قالب و زمانی چیادەوە، لەوێدا (من) دەبێتە گێڕەرەو ئەو منە راستە نووسەرە بەناو بە زمانی چیادەوەیە. لێرەدا دەماناوێت بڵێین کە نووسەر لەزانانە ئەم کارەی ئەنجام داوە بە بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە لە قالب دانی گۆڤانەوەی ئەمان دەرچوو بێت، وەڵێ خوێنەری ورد ئەو لەڕەی لادانە هەست پێ دەکات و دەبوایە بە جارێ لە جارەکان ئەو لایەنەیشی کەنترۆڵ بکردبا…
ئەمانووس پێویستە لە چوارچێوەی گۆڤانەوەکەیدا وریای بنەما و پرنسیپە سەرەکیەکانی رەمانووسین بێت، کە شوێن و کات زەر زەر بە ئەمان گرینگن و هەرگیز ناکرێ پشتگوێ بخرێت، لێرەوە دەچینە سەر ئەم دوو لایەنە ….

٢ – کات و شوێن ؛
أ – کات ...

کات سەرچاوە و بنەمای هەر سەرکی ئەمانە، ئەمان بە کات دەڤکی مردووە، هەبەتە مردوویش بە هیچ کەڵجک زیندوو نابەتەوە، کەواتە دەڤکی مردوو جارکی دی نە خودی ئەماننووس نە ئەخنگر ناتوانن ئەحی بە بەردا بکەنەوە و بیبووژننەوە، تکەڵ و پکەڵکردنی کاتیش ئەمە وای دەبینینەوە هاوشوەی مرۆڤکی خاوەن پەداویستی تایبەتە، کە تا ماوە گیردەیە و پێیوە دەناڵنێت، یەکک لە ئەخنگران دەڵێت : ((کەسایەتی سەرکییە لە ئەمانی هاوچەرخدا))، هەروەک گوتمان ئەو مرۆڤە خاوەن پەداویستییەیە بۆیە ئەماننووس گەرەکە هەم پشوو درێژ بێت هەمیش پڕلە پرۆزەی پڕوە دیار نەبێ چونکە دەرئەنجام کارەکەی لە دەڤکی ساغلەم و جوانەوە بە دەڤکی لە پڕلوپڕ کەوتوو دەبات. ((ئەدەب وەک مازیەک وایە، هونەری کاتە، چونکە کات نەوەندگیری ئەمانە، هەروەها نەوەندگیری خودی ژیانیشە))" ٥ " ئەمە گرینگی و هەستیاری کاتمان بە خودی ئەمان و ژیانیش بەرجەستە دەکات، لەبەردا دەردەکەوێت کە ئەمان یەکسانە بە ژیان و ژیانیش بە کات مەحاڵە.
ئەو دەمەی ئەماننووس دەست بە نووسینی ڕمانەکەی دەکات گەرەکە زۆر بە وردی ئاگاداری، ئەوە بێت کە زنجیرەی ڕووداوەکان بە دوای یەکدیدا بێن و پاش و پێشی تێدا نەبێت ((کات بە خۆی، پێشینەیەکی لاژیکییە لە گەڵانەوە بە واتا وێنایەکی پێشوەختەییە پارچەکانی چیرۆکەکە لە خۆیدا لە هێنانەوەیەکی کاتیدا پێکەوە گرێ دەدا))" ٦ " لەبەردا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نووسەر پێویستە بە وریاییەوە لە کاتی ڕووداوە ئاڵەسکەکانی ناو ڕمانەکە بە ئاگا بێت و لە پاش و پێشخستن نەکەوێتە هەڵەی زۆقەوە، هەندە جار دەشێ وەک بیرهێنانەوەیەک ڕووداوێک بە بیر بهێنێتەوە وەڵە زنجیرە ڕووداوگەلی ناو ڕمانەکە ناکرێ بیری خۆنەر ئاماژ بکات، لەبەردا نووسەر دەڵێ : " فرێیاندایە دەرەوەی گرتیگەوە، هاتوە ناو ژیانی ئاسایی خۆی، وەڵە بە هەی فەلاقەی زەر و کارەبا لەدانی لە چووک و ئەندامی نەرینەیدا، سوودی سەر جێی نەما بوو. ئەم ڕووداوە و گرتنەی ئەو، چەند ساڵک دوای هاوسەرگیری بوو لە گەڵ خاتوون، هەکاری منداڵ نەبوونیشیان، سەرەتا خاتوون خۆیشی نەیدەزانی، چونکە ئەو هەر لە منداڵییەوەلە ئەوشکی سەخت و دژوار و تژی لە ئێش و ئازار لە گەڵ ناخۆشی و چەرمەسەرییەکانداگەورە بووبوو، ل ١٨ " ئەگەر خۆنەر بە وردی دیقەتی ئەم دوو گەڵاندنەوە بە ڕابردوو یان بیرئانینەوەیە بدات کە بە فەنتی جیاواز ئاماژەم پێداون، جیاوازن

لە یەکدی، ئەوی یەکەم لە جەستەی ئەمانەکەیە واتا زنجیرە گرێدراوە و ناکرێ لێرەدا باسی بکات وەلێ دەبوایە پێشوەخت باسی لەم رووداوە بکردبایە، ئەوی دووەمیان هەرچەندە دەخزێتە ناو خودی رەمانەکە وەلێ ئاسایی کە وەک بیرئانینەوە باس بکرێ، کەواتە کات لێرە گەمەی پێکراوە و لە خشتەی سیستماتیکەکە دەرچووە، نە دەبوایە سابیر ڕەشید بکەوتبایە وەها هەڵەیەکەوە نەمازە هەشتان لە بڕایی ڕەمانەکەدایە کە دەکرا دەسکاری بکردبایە، بە دیدی ئەمە دەکرا هەر لەم بڕشی یەکەمەدا نووسەر بڕشکی زیاد بکردایە و باسی ئەویندارێتی قووڵی نێوان ئومێد و خاتوونی بکردایە بە زەماوەندی هاوسەرگیرییەکەیانەوە، نەک وەک هەواڵێکانی ئەمڕۆی دەزگا میدیاییەکانی کوردستان کە لە ناوەڕاست و کۆتاییدا دەڵێن ((ئەمە لە کاتێکدا بوو کە .....)) نووسەر لە لاپەڕەی دوایی شتێکی دیکەی بە هەمان شێوە هێناوەتەوە بەر باسکردن کە دەڵێ ؛ ((ئەمەیش ئەو کاتە بوو کە دایکی دەمرێت و باوکی دەیخاتە بەردەم زەدایکێک، کە هەرگیز بەزەیی پێدا نەهاتووە و بەردەوام کاری سەختی پێکردووە. ل ١٩)) ئەم گەڕانەوەیە بە ڕابردوو کە دوایی بە دوور و درێژی باسی لەوە دەکات زۆر لە جێی خۆیەتی مایەی هەڵوەستە لە سەر کردن نییە، بە جوانی باسی لەوە کردووە، وەلێ ئەوەی کە جێی سەرنجە لە پانزە دێڕدا هەر سێ گەڕانەوەکەی پێکەوە لکاندووە، ئێک وەک ئەوە دەتە پێش چاو کەمێک کەس وێنە بگرن و هێندە خۆ بەیەکەوە دەلکێنن کە بیریان نییە چەند کەسێکیان دانیشن و بە شێنەیی وێنەکە بگرن، نووسەر پەلە پرووزەی پەوە دیارە ئەمە لای خوێنەری ورد هەستی پێدەکرێت... باشلار لەم بارەوە دەڵێ : ((ئەوەی بە بیرمان دێنێتەوە یاخود تیاماندا پڕرشوبڵاو دەکاتەوە یادەوەرییەکانی مانی منداڵییە)) " ٧ " ڕەک ئەوەی سێیەم جاریان دەخزێتە ئەم خانیەوە کە باشلار باسی لەوە دەکات، دروستە و لە جێی خۆیەتی، ئەوەی یەکەمیان وەک گوتمان بەو جۆرە دەبێت کە لە لای گەورەوە بڕشی تایبەتی بە بنووسەت...

کات هاوشێوەی ئەندازەییە کە ناکرێ بازدان بە خۆوە بگرێت، لەم حاڵەتەدا خوێنەر شتێکی لە بەرچاو بەرقەرار نییە هەتاوەکوو هەواڵەکان بگەیێتەوە بە خوێندنەوە یان بیر هێنانەوەی خێی بە تەواوی رووداوەکە وەک هەواڵ لە دۆزی پشتر یان چەند ڕۆژ بەر لەو کاتە، لێرەدا کە باسی ئەویندارێتی قووڵی ئومێد و خاتوون نەکرا بە ئاهەنگی گواستنەوەیشە ئەوا لەو بازنە ئەندازەییە ترازاوین، ((لە بیر زیریمان سەرکەوتوو بووین چونکە ئەندازەیی تایبەتمان بە کات دانا، و هەستی پێ دەکەین، لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، لە نێوان دۆز و هەفتە و مانگ و ساڵدا، گەرەکە لەم چواچێوە

ئەندازییەدا بژین، وەلە رەکخستنی چوارچێوەکە، رەکخستنی ناوەندێک ناگەیەنێت، ئەگەر ئەم چوارچێوەیەمان بە ساتەک هەڵگرت، فەرمانڕەوایەتی خوازراوەکان دەست پێدەکات و، هەست دەکەین تاکە شت کە تێیدا هەقە ئەویش مردنە)) " ٨ " ئەوە نابێت هەندێ لە ووداوەکانی بە پێی زنجیرەیی لە ناو خودی هەر بیرهێنانەوەیەکی ئومێد لە یاد کرد بێت، وەلە خودی بیرهاتنەوەکانی ئومێد دوا بە دواي یەک نین، پچڕپچڕن ئەمەیش لای خوێنەر سەر ئێشە و ئازی لە بیرکردنەوەکانی دەخوڵقێت. ((ئەگەر کات لەم سەردەماندا جیاکاری لە ریتمی پەڵەدا دەکات، ئەو دەمە دابڕتە ئاریشەیەکی دەروونی مترسیدار بە مرۆڤ، دابووایە هەر کاری چیرۆکێک بەم هەستە کاتییە ئاڵایبێوە زەر کاریگەری دەربارەی هەبێت، لە بەر ئەوە ئەمە زەرجار دەبینین ئەمانی هاوچەرخ جێخت لە وێنای کۆمەڵایەتی و ووداوەکان ناکاتەوە بە بارتەقای ئەوەی بایەخ بە دەرخستنی گەنجینەکارییە دەروونییەکان دەدات، کە لە ناو خودی مرۆڤدا ڕوو دەدەن، لە دەرئەنجامی هەستی ئاڵایبێوە بە ریتمی کات)) " ٩ " باسمان لە مۆزیک و ئەدەب کرد لە بەرایی شرۆڤەی کاتدا، نها ئەو ریتمە دێتە ئاراوە، ناکرێ ئاوازێک بە ریتمی داگۆڕاو پاش و پێش بخرێت ئەو دەمە مۆشکی مرۆڤ دەئاگاسکی، هەبێتە زنجیرەی کاتیش لە گەماندا بە هەمان شێوەیە، جارێکی دیکەیش دووپاتی دەکەینەوە کە کاتی درێژ پێدەری خودی ووداوەکانی ناو گەمانەکە بە دوای یەکدا بێن و کات و سەرهاتی دی کە دەکارێ پەیوەست بێت بە گەمانەکەوە بە بیر بهێنرێتەوە لەرەدا پاش و پێش هێندێ کێشە ناخولقێنێت،
ئەوەی لە جوانی کاتدا دەریخستووە لەم گەماندا لایەنی باشی خستەڕوو، نووسەر ئەدا و تەکنیکی جوانی بنەما زانستییەکەی قۆناغی گەمانەکەی وەگەڕخستووە، ئەویش ئەوەیە هەستکردنی کۆمەڵایەتییەکان بە کاتەکە، ((بەر باسکردنی ئێستاتیکای پەیوەندی پێکهاتوو سەبارەت بە کات لە دەستنیشان کردنی کۆمەڵایەتییەکان لە نێو بونیادی گەنجینەکەدا و ئەوەی ئەم کاتە دەسەپێنێت لە گەنجینکاری ژیانی کۆمەڵایەتییەکانی گەنجینەوە)) " ١٠ " تەماشا چۆن تەماسێک خوڵقاوە کە بەتە تەونی جاجمەکە ئومێد نازانە چۆن لەو کاتە قورتار بێت، لەرەدا خوێنەر رادەکێشین بە لاپەڕە " ١٣٣ " ی گەمانەکە بزانە عەباس ئەلسوەتانی (چیاد) دوای ئەوەی کاتێک دادێنە ئومێد لە غاباتی کوران ببینێ، لەوە یەک دی دەبینن و سەرتا دادنیشن پاشان عەباس ئەلسوەتانی بەرامبەری ئادەوستە و دەمانچەکەی دەردێنە و بە ئومێد دەڵێ : ((ئومێد هەرچەندە من و تە برادەرین، بەڵام من بە کوشتنی تە ڕاسپێردراوم)) ئەمە کردە و قسەیەکی سانا نییە، هەبەتە نووسەر بە جوانی کاتەکەی هەناوەتەوە،

